# شەرەفی کچ لە تەرازووی تۆڵەی پیاوانی عەشیرەتدا...

**ڤینۆس فایەق**

هەر لە دێر زەمانەوە لە کۆمەڵگا کوێر و پیاو/ باوکسالارەکەماندا بە پێی هەموو مانا و پرنسیپە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان هەموو ماناکانی پیاوەتی بەستراوەتەوە بە غیرەت و خۆڕاگری و بەجەرگی و جەسووری و بەتایبەت پارێزەری شەرەفی ژنان لە کۆمەڵگاکەیدا ، هەرچەندە باوەڕم وانیە پیاو پەیوەندی بەمەسەلەی پاراستنی شەرەفی ژنانەوە هەبێت ، ئەگەر پیاوەکە خۆی ئەو شەرەفە هەتک نەکات..

هەر لە دێر زەمانیشەوە و بەتایبەت هەر لە کۆمەڵگا کوێر و پیاو/باوکسالارەکەماندا وشەی ژن، کچ ، ئافرەت، مێ ، بەستراوەتەوە بە یەک ماناوە ئەویش (شەرەف) ، بە پێی هەموو پێوانە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان ، ئەگەر کچێک کوڕێکی ناسیبێت کچەکە رەجم ئەکرێت نەک کوڕەکە ، ئەگەر کچ و کوڕێک یەکتریان خۆشویستبێت کچەکە سەرەونوگوم ئەکرا نەک کوڕەکە ، کچ ئەبوایە لەبەر شەرەفی خێزان و عەشیرت هەر لەسەر بێشکەوە لە ئامۆزایەک یان پورزایەک یان خاڵۆزایەک مارەبکرابا ، نەک لە دواڕۆژدا بیر لە هەبوونی خۆی بکاتەوە وەک ئادەمیزاد و درک بە مافێک لە مافەکانی خۆی بکات ، کە یەکێک لەوانە دەستنیشان کردنی هاوسەرێکە بۆ خۆی. نەکا بە پێوانەکانی کۆمەڵگا شەرەفی خێزانەکەی بدات لە عەرز ئەگەر پیاوێکی خۆشویست.

بە هەر حاڵ ئەمەی سەروەیە لەوانەیە پێشەکی بێت ، لەوانەیە هیچ نەبێت ، لەوانەیە لە ئاکامی ئەو هەواڵە بێت کە لەسەر سایتی پەیامنێر بڵاو کراوەتەوە و هاوکارم کاک رزگار عومەر ئاگاداری کردمەوە لێی ، یەکەم جار نەمتوانی تەواوی بکەم ، دووەم جار زۆرم لەخۆم کرد و تەواوم کرد ، سێهەم جار بڕیارمدا شتێکی لەبارەوە بنووسم ، کە دەستم پێکرد نەمزانی چۆن دەستپێبکەم ..هەرواڵەکە بریتیە لە کۆمەڵێ کوڕ تەعەدا جنسیان لە کۆمەڵێ کچ کردووە لە تۆڵە سەندنەویان بۆ شەرەفی خوشک و ئامۆزایان کە ئەوانیش تەعەدای جنسیان لێکراوە لەلایەن برای ئەو کچانەی ئەوان تەعەدایان لێکردوون .. من نازانم ئەو رووداوەی لەو هەواڵەدایە بە چ پێوانەیەک بپێوم ، ئەگەر بە پێوانەکانی سەردەم بیپێوم ئەوا زۆر هەڵەم ، ئەگەر بە پێوانەکانی یاسای دارستان بیپێوم ئەو کاتەی مرۆڤ پەی بە هیچ یاسا و شەریعەتێک نەبردبوو ژیانی پێ رێکخات ، ئەوا زۆر هەڵەم ، دەنا نازانم شەرەفی ژن چی ئەیهێنێتە تەرازووی تۆڵەی پیاوانەوە؟؟

چی ئەو شەرەفە ئەهێنێتەوە مایە لە فەرهەنگی کۆمەڵگایەکدا تەعەدای جنسی ببێتە نریت لەناو گەرمەی تۆڵە سەندنەوەی پیاوان لەیەکتر ؟؟
لە سەردەمێکی وا پێشکەوتوو بە هەموو پێوانەکان داخوا هێشتا ئادەمیزاد هەبن بە هێزی بازوو رەفتار لەگەڵ بەرامبەردا بکەن و پەنا بەرنە بەر بازوو بەو شێوە سەرشۆڕکەرانە ، داخوا ئەسڵەن تۆڵەسەندنەوە باوی ماوە بەو عەقڵیەتە سەقەتە ؟ من نازانم ئێستا باس لە چی دەکەم ، بەڕاستی ئەوەی خوێندمەوە زۆر ترسناک بوو ، ئێ خۆ لە زیندانیەکان سەردەمی بەعسدا هەر بەو شێوەیە تەعەدا لە ژن و کچە کوردەکان ئەکرا ، ئەو کاتەی بەناوی پێشمەرگایەتی و کوردایەتیەوە کوڕ و کچەکانمان راپێچی زیندانە تاریکەکانی بەعس ئەکران و کچەکانمان بە تاریکی لەلایەن سەربازە بێ ناو و بێ سیماکانی ناو بەندیخانەکانەوە تەعەدایان لێ ئەکرا ، بەڵام ئەو کاتە پێشمەرگە ئازا و بەجەرگەکانمان شەرەفی کۆمەڵگایان بە پیاوەتی و غیرەت و شەهامەت ئەکڕیەوە و ئەو کچە هەتک کراوانەیان لە خۆیان مارە ئەکردەوە بەسەربەرزی ..بەڵام تۆ ئەو کاتە ئەو پیاوە ئازا و لێهاتوانەمان لەکوێ بوون کە ئێستە پەنا ئەبەنە بەر ئەو جۆرە رەفتارە سەرشۆڕکەرانە  تۆڵە بۆ ئەو کچانە بسەننەوە کە لە زیندانیەکانی بەعسدا هەتک کران؟؟

نازانم پیاوانی ئایین حکومەت ، دەسەڵاتی حیزبی ، رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان / ئافرەتان لە کوێی ئەو هەواڵەدا ئەوەستنتۆ بڵێی کۆمەڵگای کوردی ئەوەندە لەمەترسیدا بێت ، ئەوەی من بۆی ئەچم ئەویە مەسەلەی تەعەدا کردن لە یەکەم کچ بەدوای رکەبەرایەتیەکی کۆنی نێوان دوو کوڕەکە هاتبێ لەسەر مەسەلەیەک کە هیچ پەیوەندیەکی نەبێت بە کچەکەوە ، بەڵام لەو کۆمەڵگایەدا کە پیاو باوەڕی بە هزر و ویژدانی مرۆڤایەتی خۆی نەما پەنا دەباتە ئەو شێوازە نزمە لە تۆڵەسەندنەوە ئەویش بە هەتک کردنی شەرەفی مێینەیەک لە تەرەف ئەو کەسەی ئەو ململانێی لەگەڵیدایە ، ئەم رووداوە نابێتە کێشەی نێوان ئەو خێزانانەی کێشەکەی تیا دروستبووە ، ئەبێتە کێشەی سەرتاپای کۆمەڵگایەک ، کە دەبێت بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی دەستی تێوەر بدات و چارەسەرێکی بنبڕی بۆ دابنێ ، دەنا بەرز بوونەوەی کێرڤی ئەو جۆرە مەترسیانە لەگەڵ هەنگاونان بەرەو گەیشتن بە ماناکانی دیموکراسیەت و سەربەستیەکان و بێ دەنگی دەسەڵاتی سیاسی لەو ئاستەدا خۆی لەخۆیدا مەترسیەکی ئێجگار گەورەیە و باوەڕم نیە هیچ مەسەلەیەکی تر هەبێت لەو ترسناکتر چاوەڕێ چارەسەر بکات ئاوری لێبدرێتەوە و شەرەفی کۆمەڵگا بخرێتە ئەولاوە بۆ ئەجەلێکی نادیار ...